# ئەو خەمانەی بۆ باوەشت..دەپەڕنەوە



**سەرهەنگ حەمە ساڵح**

xamosh_serheng@yahoo.com

دوور مەکەوە..لەم پەیڤانەی

کە لە ئێوارەیەکی نارنجی دا

لە کەناری دەریای شەرم

دەڕژینە نێو دەمی قڵیشاوی

سۆزێکی بێ ئۆقرە..

نا ئازیز بە لوغزی

پیتەکانی (نا)

مەمخەرە ژێر

چارەنوسێکی نادیارو..

لەم بەهارە..

وەك پەپوولەیەکی پەرپووت

بێ باڵ لە ژێر

گەلاَکانی ئارەزووودا

پەلكێش نەبم..
با چیتر خەون
بە تریفەی مانگ نەبینم و
لە تریسکەی ئەستێرەکان
زوویر نەبم..
با لەژێر پەردەی ئازارەکانی
شەوێکی نامۆدا
ئاشنا بم..
لەگەڵ بوونی خۆم و
لەزەتی ئەو ماچانەی
کە دەڕژێنە نێو سینەی
شا ژنێکی ئیمبراتۆری
سەردەمی ئەم عەشقە
وەرە نزیك بەوە لێم
دەستی ئەم خەمە کوێرانەم بگرە
کە لە شۆستەیەکی کپ دا
لە شەوێکی ئەنگوستە چاو
بۆ باوەشی نەرمت دەپەڕنەوە..
وەرە خەمە تاراوگەکانم
بەم ماچە شیرینانە شادکە
شیرین تر لە شیلەی هەنگوین و
لێوی ووشکم سوور ببنەوە
سوورتر لە سووراوەکەی
سەر لێوت..
با ئیتر بە باوەشت شاد بم
تا کەی..
لەمن دەبیە مۆمیایەك و

**هەر بەدواتدا بگەڕێم و**

**هەر جارەی لە ئاسمانی**

**خەیاڵێکدا بدۆزمەوە..!**